**بۆ بەریز**
**خاتوو شنۆ ئەحمەد**
**سەرپەرشتیاری یەکێتی ژنانی کوردستان**

**حاکم قوباد**
**سەرۆکی دادگای نەوجەوانانی سلێمانی**



بەرێزتان لە دیــدارێکدا ، کە بەرێز کاك سامان سوبحەدم ، لە گەڵتاندا سازی کردووە و لـــە ویب سایتە ئازیزەی دەنگەکاندا بلاّو بۆتەوە ، ناراستەو خۆ گلەیی لە دادگانی لێکۆلینەوەو دادگاکانی تاوان دەکەن ، کە گوایە زۆربـــەی بکوژانی ژن ، تا رۆژی دادگایی کردن بە کەفالەت بەر دەبن !

دیارە نەبونی هۆشیاری یاسایی ، کە بەداخەوە پانتاییەکی زۆری لە عەقلیەت و و بۆچوونی زۆربەی چین و توێژی کۆمەڵە کەماندا داگیر کردوە ، تەنانەت لە نێو توێژی رووناکبیران خۆشیاندا ، وای کردوە کە راو بۆچوونەکانیان ، لە مەڕ دنیای یاساو جێبەجێ کردنی یاسادا ، سەر چیخ برۆن و دەرئەنجام تۆمەتیش بخەنە ئەستۆی یاسا ناسان و یاساکارانەوە ! ئا ئەوەتا ئێوە دادگاکان بەوە گوناهبار دەکەن ، کە گۆیە بکوژانی ژن بە بارمتە ئازاد دەکەن .

حەز دەکەم ئێوەی بەرێزو خەلکی دیکەش لەم حەقیقەتە بگەن ، کە مومکین نیە دادوەران ، جا کوڕی هەر کەسێك و سەر بە هەر چین و توێژو سەر بە هەر بنەماڵەو عەشرەت و خانەوادەیەك بنو هەلگری هەر بیروو رایەك بن ، ، بەقەد نووکی دەرزی کارئاسانی بۆ بکوژانی ژن بکەن ، چونکە جگە لەوەی دادوەران ، وەك توێژێکی ویژدان زیندوو ، دژی هەموو توندوو تیژیەکن کە دەرحەق بە ژن دەکرێ ، لە هەمان کاتیشدا ، پیرۆزترین ئەرکی ئینسانی پیادە دەکات ، کە جێ بەجێ کردنی یاسایە و بەرقەرار کردنی عەدالەتە . لە پیادە کردنی ئەم ئەرکە پیرۆزو قورسەدا ، دەبێ بێ لایەنی خۆی بۆ کەسانی دژ بەیەکیی ناو هەر کێشەیەکدا، سەد دەر سەد بسەلمێنێ . دەبێ بە یەکچاو تەماشایژن و پیاو ، بکوژو کوژراو بکەن . خائن و پێشمەرگەیەك ، لە ساتەکانی دادگانی کردن و پیادە کردنی یاسادا ، بۆ دادوەر مەسەلەیەك نیە . هەموو تۆمەتبارێك دەبێ تەواوی بواری داکۆکی کردنی لە خۆ، بۆ بڕەخسێنیت ، خوای دەکرد هەلگری ڤێزەونترین ناسنامە دەبوو !

ناکرێ و نا دروستە ، هەڵسووراوانی ریکخراوی ژنان ، کار بۆ ئەوە بکەن، کە هەر پیاوێك بە کوشتنی ژنێك تۆمەتبار کرا ، ئیدی دەبێ دەستبەجێ ، دادگا لە ژوورە ئینفرادیە تاریك و نوتەکەکانی زیندانی بپەستێت و پاشانیش پەتی مردنی لە گەردنێ توند بکات !!

دادوەر ، لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆلینەوە و دادگایی کردندا و لە هەموو تاوانێکدا ، بە پێی ئەو دەسەڵاتەی یاسا پێی داوە ، بۆی هەیە ، تۆمەتبار بە کەفالەت ، تا رۆژی دادگایی ، بەربدات . ئەمە جگە لەوەی کە دادوەری لێکۆلینەوە ، هەر لە لێکۆڵینوەی سەرەتاییدا ، بۆی هەیە ، لەبەر نەبوونی بەلگە ، تۆمەتبار ئازاد بکات . دادوەر ، چ دادوەری لێکۆڵینەوە چ دادوەری دادگای تایبەتمەند ، تەنیا لەو تاوانە بۆی نیە تۆمەتبار بە کەفالەت بەر بدات ، کە سزای تاوانەکەیان ، قەنارە بێت یان زیندانی ئەبەدی ( 20 ساڵ )) . لەگەڵ چەن تاوانێکی دیکە ...... لەم تەرزە تاوانەدا ، تۆمەتبار بە گیراوی هەواڵەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت و هەر بە گیراویش ، لێکۆڵینەوەی قەزایی لە گەڵدا دەکرێت و دادگایی دەکرێت .

زۆربەی هەرە زۆری ئەو کێشانەی دەگەنە بەر دەمی دادگا ، لە مەڕ کارەساتی توندوو تیژی دەرحەق بە ژنان ، ئەو ڕووداوانەن کە ژنان تیایاندا خۆیان بە دەستی خۆیان ، خۆیان کوشتووە !! نێرینەکانی ئەوان کێشانەش ، جا چ مێرد ، چ باوك ، چ برا بێت ..... بەوە تۆمەتبار دەکرێن ، کە ژنیان کوشتووە یا دەستیان هەبوە لە کوشتنیی یا بوونەتە سەبەبی خۆ کوشتنی ژن .

ئەو ژنانەی لە داخی هەڵس و کەوتی نا شایستە و مامەڵەی تاجۆری میردو براو باوك خۆیان دەکوژن ، هەرگیز ئەو نێرینانە ، لەدادگاکاندا ، وەك بکوژی ژن تەماشا ناکرێن .

لە خودی خۆکوژدا ، تاوانکارو تاوانلێکراو ، ئاوێتەی یەکترین و جودا ناکرێنەوە ، لە خۆکوشتندا ، لەبەر ئەوەی بکوژ ، خودی کوژراوەکە خۆیەتی ، ئیدی کەسێك ناخرێتە نێو قەفەزی تاوانەوە .

لە بەندی ژمارە 408 بڕگەی 1 ، لە یاسای سزادا هاتووە : تا حەوت ساڵ سزا دەدرێت ، ئەوەی کەسێك هان بدات بۆ خۆکوشتن ، یان بە هەر شێوەیەك یاریدەی خۆکوشتنی بدات .....

لە بڕگەی 3 ی هەمان بەند دا هاتوە :

هیچ سزایەك بۆ ئەو کەسە نیە کە هەوڵی خۆکوشتن دەدات .

زۆربەی هەرە زۆری ئەو کێشانەی ڕوو بەرووی دادگا دەبنەوە ، سەبارەت بە کوشتنی ژنان ، بەر حوکمی بەندی 408 ی سزا دە کەون و لەبەر ڕۆشنایی هەمان بەندیش ، لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و قەزایی لە گەڵ تۆمەتبارا دەکرێت ، و هەر بەو بەندەش تۆمەتی ئاراستە دەکرێت و دادگایی دەکرێت . جا چونکە سزای ئەم تاوانە وەك لە بەندەکەدا دیاری کراوە ، لە حەوت ساڵ زیندانی تێپەڕ ناکات ، بۆیە دادوەر ن بە پێی ئەو دەسەڵاتەی (( یاسای بنەماکانی سزایی )) پێی داوە ، بۆی هەیە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و قەزایی و ادگایی کردندا ، بە کەفالەت بەری بدات !

هەموو ئەو تۆمەتبارانەش کە بە پێی بەندی 408 ی سزا ، دادگایی دەکرێن ، دەرەنجام ئازاد دەکرێن . چونکە داواکاران بە مافی مەدەنی ) سکالاکاران ) ، بەڵگەی تەواوو باوەڕ پێکراو ناخەنەبەر دەمی دادگا بۆ ئیدانە کردنی تۆمەتبار . جا چ بەڵگەی مادی بن ،وەك ئەوەی تۆمەتبار کەرستەکانی خۆکوشتنی خستبێتە بەر چنگی خۆکوژەکە ، بۆ نمونە : شقارتە ، نەوت ، چەك ، پەت ..... یان بەڵگەی نا مادی کە پتر بریتیە لە هاندان ، کە تاوانکار کەسەکە پەلکێش بکات بۆ خۆکوشتن بەوەی کە بیخاتە ئەو دۆخەوە کە ئیدی درێژە دان بە ژیان جگە لە باوەش کردن بە نائومیدی و بێ هوودەیی دا ، شتێکی تر نیە !

پێم چاکە لە دوا گوتەمدا ، بە خاتوو شنۆ بڵێم : تاکە دەسەڵات کە تا هەنووکە مۆرانەی گەندەڵی لێی نەداوە و سەروەرو شکۆمەند ماوەتەوە ، دەسەڵاتی داوەری یە ، ئەو دەسەڵاتەی جگە لە ملکەچی بۆ یاسا ، سەری بۆ هیچ دەسەڵاتێکی تر شۆڕ نەکردووە ، هەر بۆیەشە ، حکومەت و حزب ، خۆشیان لێی گەرەك نیە !!!!!!